# سینەمای خۆشەویستی

نیهاد جامی



پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و کولتور یەکێکە لەبابەتە هەرە گرنگەکانی سینەما، بەوەی هەر کولتورێک بەپێی تێگەیشتنی خۆی سەیری بابەتی خۆشەویستی دەکات، بەتایبەت لەبواری درووست کردنی فیلمسازیدا، سینەمای ئەوروپی دیارترین هەوڵەکانی لەڕێگەی ڕۆمانەکانی لۆرەنس بەتایبەت بەفیلمکردنی ڕۆمانی (ژنە عاشقەکان) یا لەپشت بەستن بە بەرهەمەکانی شانۆی کلاسیکی لە نمونەی (ڕۆمیۆ و جۆلیێت) تادواتر ئەو سینەمایە لەڕێگەی فیلمی (تایتانیک) توانی خۆشەویستی بۆ سینەما بگەڕێنێتەوە، سینەمای خۆرهەڵاتی بەشێک بووە لەو شەپۆلەی سینەما، وەک دەبینین سینەمای عەرەبی گەڕایەوەبۆ سینەمای خۆشەویستی بەتایبەت لەهەوڵەکانی دەرهێنەرانی وەک (یوسف شاهین) و (ئیناس دوغەیدی) بەڵام ئەوەی لەسینەمای خۆرهەڵاتی سەیر بێت بەشداری کردنی سینەمای ئێرانیە، لەسینەمای خۆشەویستی، بەتایبەت لەڕێگەی فیلمی (ئاوازی قومری) ئەو سینەمایە توانی ئەو تێگەیشتنە باوە بۆ سینەمای ئیسلامی بگۆڕێت بەوەی لەناو دەسەڵاتی دیسپلین کردندا دەکریٚ سینەما جوانی خۆی لەدەست نەدات، ئەو فیلمە ڕێگەی لەزۆر بیانوو گرتووە، دەرخستنی نەوەیەکی نوێیە، نەوەی دوای جەنگ کە ڕابردووی قەبووڵ نیە، دەیەویٚ مومارەسەی ئازادیەکانی خۆی بکات، (پەیمان و پەرستۆ) ی خوێندکاری زانکۆعاشقی یەکترین، سەرەتای فیلمەکە بە ئاهەنگی لەدایکبونی پەرستۆ دەست پێدەکات، ئەو دەسپێکە زەنگێکی جیاوازە بۆ سەرنج ڕاکێشان، بۆیە تووشی بەریەکەوتنمان دەکات، بەوەی دەبێت بەکەم بایەخەوە سەیری ئەو سینەمایە نەکەین.

دەرهێنەر (سەعید ئەسەدی) کاتیٚ ئەو دوو کارەکتەرەی کردووە بە خوێندکاری زانکۆ

مەبەستی بووە لەو نیگایەوە ڕەخنە ئاراستەی سیستمی خوێندن بکات بەوەی زانکۆ و پۆلیسخانە دوو دامەزراوەن سەر بەیەک سیستمن، ئەوەتە کاتێ ئاهەنگی لەدایکبونەکە بە نهێنی سەیرانێک ساز دەکرێت، لەڕێگەی خوێندکارێکەوە کە ویستویەتی پەرستۆ بۆ خۆی ڕازی بکات.. ئەویش قبوڵی نەبووە، وەک تۆڵەیەک وێنەیان دەگرێت و بۆ مامۆستایانی زانکۆی دەباتەوە، سەرەنجام هەردوو عاشقەکە لە زانکۆ فەسڵ دەکرێن، لەوێشەوە ڕەخنەکە دەچێتە ئەو ئاستەی پێمان بڵێت ئەو نەوە نوێیەی عەشقی هەڵبژاردووە ملکەچی قبووڵ ناکات، لەسیستمی زانکۆش یاخی دەبێ.

لەو فیلمەدا هەر ڕووداوێک فرێدانی دەلالەتێکە، کە لەکۆتاییدا لەناو یەکەیەکی ڕێکخەر کۆ دەکرێنەوە و ناویان دەنرێت (ئاوازی قومری)، بەدوای فەسڵ کردنی عاشقەکان لەخوێندن ئەو عەشقە تادواسات بەرەو ترۆپکی خۆی هەنگاو دەنێت.

بەڕادەی ئەوەی کەئیدی سنورێک نابێت ئەوان پیادەی بکەن، بەمانای عەشق لەدەرەوەی ئاکاری کۆمەڵایەتیەوە ڕەفتار دەکات، بۆیە کاتێ پۆلیسەکان لە ناو ئۆتۆمبیل بەیەکەوەیان دەگرن، پرسیارێک ڕووبەرووی بینەر دەکرێتەوە: بۆچی کچ و کوڕێک لەناو ئۆتۆمۆبیل بن تاوانە؟ کاتێ پەیمان ئامادە نیە ئیمزا بکات بۆ ئەوەی لەبەردەم پۆلیس بڵێت کەجارێکیتر ئامادە نیم ئەم سەرپێچیانە ئەنجام بدەم، هۆیەکەی ئەوەیە ئیمزا کردن بۆ ئەو مانای پەیمان شکاندنیەتی لە عەشق، ڕاکردنیش لە شوێن ڕزگارکردنی عەشقە، بۆیە لەدەست پۆلیسەکان ڕادەکات.

سەرکوتکردنی عەشق ئەو سیستمە لێی بەرپرسیارە، قسەکردن لەو سیستمە قسەکردنە لە زەبروزەنگی دەسەڵاتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو قسەکردنە دەباتە ئاستێکی تر پەیوەندیی بە بوونی کارەکتەری سەرهەنگ هەیە کە کارەکتەرێکی جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی تر هەیە بەدژی سەرهەنگیش دەوەستنەوە، دکتۆر ئاریان یەکێکە لەو دەنگانە، دەنگێکە لەبەرامبەر سەرهەنگ هەڕەشەکردنە لەو دەنگە توندو تیژەی ناو دەسەڵات، بۆیە کاتێ پەرستۆ کەسێک نابینێت هانای بۆ بەرێت ڕوو لەخودا دەکا و دەڵێ "خوایە گیان بۆ کەس لێمان تێناگات" تێنەگەیشتن پەیوەستە بەو دیدە نۆستالۆژیەی کەنایەوێ ئینتیما بۆ زەمەنی ئەو نەوەیە بکات، ئەو نەوەیەی کە بەدوای جەنگ دێت و خەونەکانی بەتەواوی جیاوازن، خەونی ئەو نەوە نوێیە خەونی شەڕکردنە لەتەک ژیان و نەوەکانی تر، بۆیە دەیالۆگی"کێشەی ئێوە ئەوەیە وادەزانن شەڕ تەواو بوو" ئەو دەیالۆگە پرسیارێکە بۆ کۆمەڵگای دوای جەنگ، کە جەنگ تەواو نەبووە، چونکە جەنگی نەوەکان و دیدی سونەتی بۆ ژیان دەبێت شکستی پێ بهێنرێت، ئەو دەیالۆگەی پەیمان بە سەرهەنگی دەڵێت" ئێوە عەشقتان هەیە؟ ئێوە نەتان توانیووە خواشتان وا خۆش

بوویێت" دواندنی نەوەی ڕابردووە بەوەی جگە لەشەڕ شتێکی تری نەزانیوە، نەیتوانیوە ماناکانی خۆشویستن راڤە بکات، هەڵبەت یەکێک لەنەریتی هاتنە دنیای نەوەی نوێ مەحکوم کردنی نەوە ی پێش خۆیەتی، بۆیە ئەو نەوەیەش زۆر بەتوندی پێی وایە نەوەی پێشوو تەنیا شەڕی زانیوە، " گوناهی ئێوەیە ئێمەتان بەم ڕۆژە گەیاند" ئەو ڕۆژەی دواتر لەڕاکردنیان بۆ نیشتیمانێکی تر سنورەکان بە جەللاد دەور دراوە تا سەرەنجام لەخاکێکی تر گەورەترین کێشە لەناو بالیۆزەکان دەنێتەوە، کاتێ سەرهەنگ بەدوای دێت دەڵێت بگەڕێوە خاکی خۆمان ئەوە خاکی ئێمە نیە لەوێ چارەسەری گرفتەکانتان دەکەین، پەیمان دەڵێت "خاکی من کامەیە سەرهەنگ؟" نەبوونی خاک بۆ عاشقێک بەمانای هەموو شوێنێک وەک یەکن بۆیە پەیمان ئەو تورکەی بەبارمتە گرتوە پێی دەڵێت بمکوژە، ئەویش لەناو دڵە ڕاوکەو تێنەگەیشتن لەوەی بەڕاست عاشقی وا لەخەیاڵدایە یان ئەوەی ئەو دەیبینێت کارەکتەرێکی ڕاستەقینەیە دەیکوژێت، لەگەڵ ئەم کوشتنە پەیوەندیی ناونیشان بە فیلمەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، دەکرێ لێرەدا بزانین بۆ ئاوازی قومری؟

چونکە پێشتر لەگەڵ ڕاکردنیان ئەم دو عاشقە سەیری دوو قومری ناو ئاو دەکەن، ئەو نیگاکردنە، دیدێکی دۆنا دۆنیانەیە بەوەی ئەوانیش وەک قومری عاشقی یەکترین، قەدەری مردنی یەکێکیشیان بە قەدەری قومری کۆتایی دێت، قومری کاتێ یەکێکیان بمرێت ئەویتر لەسەر تەرمەکەی دەوەستێت، تا قەدەری مەرگ ئەویش دەگرێتەوە، چونکە نایەوێ دوای ئەو بمێنێت، بەدوای کوشتنی پەیمان پەرستۆ هەمان قەدەر هەڵ دەبژێرێت.